

# پانتۆڵ و جینز لە وەرزی گەرمادا

لە وەرزی هاویندا، چەند چەشنە جلێك لە لایەن کچان و خانمانەوە لەبەر دەکرێن، دەبێ کچان ئەوە بزانن کە مۆدی سەردەم چییە و زۆرلەکچان چ جۆرە جلێك دەپۆشن، هەڵبەت ناکرێ کەسێك جیاواز بێ لە مۆدی پۆشاك و جل و بەرگدا، چونکە دەبێتە شتێکی نەگونجاو و نەشیاو. دوای وەرگرتنی را و بۆچوونی کۆمەڵە کچێك، زۆربەیان وتیان: مۆدی ئێستا بۆ هاوین، پانتۆڵ و جینزە. سەبارەت بە پانتۆڵیش، کە لە قوماش دروست دەکرێ، زیاتر بۆ ئەو خانمانەیە کە لە شوێنی فەرمی دەوام دەکەن، وەك دام و دەزگا و قوتابخانەکان کچانی هەرزەکاریش یان کچانی دیکەش بۆ دەرچوونیان بۆ شوێنی گشتی و بازاڕ و گەڕان و پیاسە، حەز بە پۆشینی (جینز)کابۆی دەکەن، (کاوبۆی) بە زمانی ئینگلیزییەکەی ئەمریکا واتە گاوان. هەردوو پانتۆڵی قوماش و جینز، لەبەرکردنیان خۆشە و کچان پێوەی دڵخۆشن، تەنانەت لەگەڵ زۆربەی جلی دیکەش دەگونجێ و لە جوانیشدا سەرنجڕاکێشە.



# لە هاویندا ئێکسسواری رەنگاوڕەنگ هەڵبژێرە

هەموو جۆرە ئێکسسوارێك بە پێی شێوە و نەخشی سەرنجڕاکێش و بە سەلیقەی بەر دڵی کچان دەبێ، ئەگەر دەتەوێ ئێکسسواری نایاب هەڵبژێری و لەبەرتدا بە جوانترین شێوە دەربکەوێ، دەبێ لە هەڵبژاردنی ئێکسسواری جۆراوجۆردا هەندێك ئاشنایيت هەبێ. لە وەرزی هاویندا، نابێ ئەو ئێکسسوارانە لەبەر بکەی کە لە وەرزی دیکەدا لەبەرت کردوون، چونکە هەر وەرزێك پێویستی بە جۆرە ئێکسسوارێکە تا جوانیت بدرەوشێنێتەوە. وەك ئەوانەی لە وێنەکەدا دەیبینن، چەندین ئێکسسواری ملوانکەی رەنگاوڕەنگە، کە بە ملوانکەی منداڵان دەناسرێ، کچانیش دەتوانن هەمان ئەو جۆرە ئێکسسوارە لە مل بکەن، کە دیمەنێکی قەشەنگ و ناسکی هەیە، بێجگە لەوەی لەگەڵ زۆربەی جل و بەرگدا گونجاو و رازاوە دەبێت.



# چۆن و کەی بۆن و بەرام لە خۆت دەدەی؟

ئەگەر تۆ کچێکی دڵ ناسك و بە هەست و سۆزی، ئەگەر حەز بە دنیای خۆشی و ژیانێکی ئاسوودە دەکەی، ئەگەر دەتـــەوێ دەوروبەرت بە تۆوە دڵڕفێن بن، با بۆن و بەرامت خـــۆش بێت. کچان و ئافرەتان زۆر گرنگی بە بۆن دەدەن، چونکە ســـەرنجڕاکێش و بەرچاوت دەخات. بۆن و بەرام، بە بەشـــێکی گرنگی جوانی دادەندرێ، لە لایەن پسپۆڕانی جوانکارییەوە زیاتر بایەخی پێ دەدەن و باس لە بەکار هێنانی بۆنی خۆش دەکەن. بۆ ئەوەی وەك کچە شۆخێك بۆنت خۆش بێت، پێویســـتە بزانیت چ جۆرە عەترێك بەکار دەهێنی، یان هەڵدەبژێری، هەندێك بۆن هەن قورســـن و کەسانی دیکە پێی ناڕەحەت دەبن، هەندێك لە کچان بە گوێرەی شـــێوەی شووشـــەی بۆن، بۆنەکە هەڵدەبژێرن، ئەوەش زۆر جار وا لە کچان دەکات لە هەڵبژاردنی بۆنێك دوای کردنەوەی شووشە عەترەکە پەشیمان ببنەوە، بەڵام گرنگە خانمان بزانن جۆری بۆنەکە چۆنە. بۆن خۆشـــی تەنیا بە بۆنی ناو شووشـــە نییە، بەڵکو دانانی سابوونێکی بۆن خۆش، یان بەکار هێنانی عەترڕێژ لە ماڵ و ژوورەکەت، بەشێکی دیکەی زەوق و سەلیقەی دروست پیشان دەدات. هەڵبەت خانمان دەبێ بزانن چۆن و کەی بۆن لە خۆیان دەدەن، هەوڵ بدە بەیانیان زوو بۆن لە خۆت بدەی، یان شـــەوان پێش نووســـتن، ئەو شوێنانەی بۆنیان لێ دەدرێ لە جەستە بریتین لە: دەست و مەچەك، بن هەنگڵ، پشتە گوێ، مل.









مۆدی جل و بەرگ، لە وەرزێکەوە تا وەرزێکی دیکە گۆڕانی بە سەردا دێت و بەرهەمی تازەی بە دوادا دێ، ئەوەش بە هۆی گۆڕانی کەش و هەوا، یان شێوەی جلی تازە وا دەکەن جل و بەرگی تازە بۆ کچان و خانمان بکەوێتە بازاڕەوە. کراسی بووك تەنیا جلێکە کە زۆرترین گۆڕانکاریی بە ســـەردا دێ، چونکە بێجگە لەوەی لە لایەن پســـپۆڕانی جلی بووکەوە شـــێوە و دیزاینی تازە دروست دەکرێت، هەروەها کچانیش ئەوانەی لە سەرەتای خۆ ئامادەکردندان بۆ زەماوەند، داوای جلی بووکی تایبەت بە حەز و ویســـتی خۆیان دەکەن. تۆش وەك کچێکی قەشەنگ، ئەگەر نیازت وایە لە ڕۆژی زەماوەندا وەك شازادەیەك دەربکەوی، هەوڵ بدە کراسەکەت بە پێی مۆدی تازە و کاتی خۆی بێ، بۆ نموونە: شیاو نییە ئەگەر کراسی بووکێنیی وەرزی بەهار لە هاویندا لەبەر بکەی، چونکە ئەو جوانییە نابەخشێ کە بۆ کات و شوێنی خۆی داندراوە، بەوە بزانە کە کراسێك هەڵدەبژێری لە مۆدی هاوینە، ئەگەر سەرەوەی کراوە بوو، یان نەخشی زۆر لە کراسەکەدا هەبوو، زیاتریش لە بەشی خوارەوەی کراسەکەدا ئەو نەخشـــانە دادەندرێن، هەروەها جۆری قوماشەکەش کە تەنك بێ یان ئەستوور نەبێ، مۆدی هاوینە و وەرزەکانی دیکە دیاری دەکات.

# مۆدی کراسی بووکێنی لە هاویندا



# خەرمان بەرەکەت... خێر و بەرەکەت



**هە دروونە دروونە دروونە دەسکێ داسم بە روونە**

ئێستا مانگی جۆزەردانە، ئەو دێڕە شیعرە گۆرانیی کاتی دروێنەیە، سەپان لە کاتی دروێنەدا گۆرانیی تایبەتیان دەگوت، لەو کاتەی خەریکی دروێنەی گەنم و جۆ دەبوون، لەم مانگەدا دروێنەی جۆ لە گەرمیان و پێدەشتەکاندا دەست پێ دەکات، جاران سەپان و ئێستاش دەڕاسە دروێنە دەکات. جاران دروێنە بە داس بوو، داس لە دوو بەش پێك دێ، بەشێکی ئاسنە و پێی دەگوترێت دەمە داس و دەبێ تیژ بێ، بەشی دووەمیشی پێی دەگوترێت دەسك کە لە دارە و بۆ جێ دەستی سەپانە. دەمە داس لە شێوەی کەوانەیە واتە وەك نیوە مانگ وایە. سەپان بۆ پاراستنی پەنجەکانی لە دەمە داس و دڕك و داڵ قەیناغی لە دەست دەکرد، کە لە کانزا دروست دەکرا و دەخرایە هەموو پەنجەکانەوە و سەرێکی باریك و درێژی هەبوو. لە کاتی دروێنەدا ئەو کەسەی دروێنەی دەکرد پێی دەگوترا (سەپان)، جاران دروونە دەستەوایی بوو، چەند کەسێك پێکەوە هەر جارەی گەنم و جۆی یەکێکیان دەدوورییەوە، ئنجا دەچوونە سەر تەبارەی یەکێکی دیکە، تەبارە واتە کێڵگەی گەنم و جۆ. سەپان بەو کەسە دەگوترا کە بە کرێ دروونەی بۆ خەڵك دەکرد. کابرا داس و هەسان و قەیناغی هەبوو. پێش دەست پێ کردنی دروونە (دروێنە) سەپان داسەکەی بە هەسان دەسووی واتە دەمەکەی تیژ دەکردەوە، ئەوجا بەرێکی دادەبڕی دەستی بە دروێنە دەکرد کە تا کۆتایی بەری تەبارەکە پشتی ڕاست نەدەکردەوە و بۆ لە بیر چوونەوە ماندوو بوون و شکاندنی بڕستی گەرمای هاوین سەپان تێ هەڵدەگوتنە گۆرانی گوتن (هە دروونە دروونە، دەسکێ داسم بە روونە). ئەو ژنەی مەڵۆی دووراوەی گەنم و جۆی دەکێشایەوە بۆ سەر خەرمان پێ دەگوترێت ژنی گیشەکێش (تێلەکێش)، جاری وا هەبوو مەڵۆی دووراوە لە یەك شوێن خڕ دەکرایەوە و پێی دەگوترا خەرمان، جاری واش هەبوو لە چەند شوێنێك خڕ دەکرایەوە و پێی دەگوترا گیشە کە لە ناو پەرێز بە درێژ دادەندرا. بۆ بەدەست هێنانی گەنم و جۆ و جیا کردنەوەی دەغڵ و دانەوێڵە لە کا و کۆت خەرمان بە هێستر و جەنجەڕ دەکوترا و بەم کارەش دەگوترا گێرە. دوای گێرە و کوترانی خەرمان، ئنجا شەنەبا دەستی پێ دەکرد، کە سەپان گەنمی لە کایەك جیا دەکردەوە. ئێستا دروێنە ئاسان بووە و بە دەڕاسەیە، بە یەك جار دەمە دەڕاسە دەگاتە تەبارەی دەغڵ و دان و بە ماوەیەکی کورت گەنم و جۆی پاکت دەداتێ و کا و قەسەڵیش بە جیا دادەنێت، بەڵام لە هەندێك ناوچەی گوند و شاخ و چیادا، تا ئێستاش بە دەست دروێنە دەکرێ.



# کێ دڵی دێ ئەوانە بخوات؟

کۆمپانیایەکی بەلژیکی لە بواری دروست کردنی شیرینی و شوکۆلاتە لە هەنگاوێکی نوێدا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هەوادارانی شیرینی و شوکۆلاتە، شوکۆلاتەیەکی لە سەر شێوەی منداڵی ساوا دروست کرد بۆ ئەوەی فرۆشی زۆر بێت، بەڵام ئەوەی تێبینی کرا تەواوی ڕووداوەکان بە پێچەوانەوە بوون و ئەو شوکۆلاتەیە فرۆشی نەبوو، نەك لەبەر ئەوەی کوالێتییەکەی باش نەبووە یان ماددەی خراپی تێدا بەکار هاتووە یان پیس بووە، نەخێر هیچ یەك لەو هۆیانە هۆکار نەبوون، بەڵکو پاکی و بێگەردیی ئەو منداڵانە هۆکار بوو بۆ ئەوەی ئەو شیرینییە نەخورێ چونکە لە شێوەی چەندین منداڵی بچووکی خنجیلانە دروست کرا بوو، خەڵك دڵی نایە منداڵ بخوات تەنانەت ئەگەر شوکۆلاتەش بێت نەك منداڵی ڕاستەقینە.

ڕەوەند بەختیار





## گوڵی چاو باز!

سەیر نەبێ بەلاتەوە ، ئەگەر جارێك بە لای باخێكدا تێپەڕ بووی و گوڵێكی جوان چاوێكی لێت ترووكاند! هەر تەنیا كچان گوڵ نین و چاویان هەیە، بەڵكو گوڵیش هەیە چاوی هەبێ. ئەو جۆرە گوڵە ناوی (گوارنا)یە، كە بە كاكاوی بەرازیلی ناسراوە، شێوە گوڵێكی سروشتییە، پەڕی گوڵی وەك چاوی مرۆڤ وایە، لە ناوەڕاستدا بەشێكی رەشی هەیە وەك گلێنەی چاوی ئاسایی، دەوروبەری ئەو بەشە رەشە، بە خانەیەكی بازنەیی سپی داپۆشراوە، لە دەرەوەش رەنگی سوورە، وەك ئەوەی كچێك ماكیاژی رەنگی سووری لە چاوەكانی دابێت. ئەو گوڵە چاو بازە، لە دارستانی ئەمازۆندا هەیە، كە دەكەوێتە هەردوو وڵاتی ڤەنزویلا و بەرازیل.





## كچە تووتیی نمایشكار!

ئەگەر رۆژێك تووتییەكتان لە دوورەوە بینی، هەوڵبدەن زیاتر لێی نزیك ببننەوە و بزانن بەڕاستی تووتییە یان شتێكی دیكەیە، چونكە بەم دواییە لەلایەن وێنەكێشی بەناوبانگی جیهانی (جۆهانسۆن ستۆتەر)ەوە، چەندین تابلۆی نایاب كێشراوە، كە مرۆڤی كردووەتە تووتی. ئەو كارەش (٤) هەفتەی پێچووە تا توانیویەتی جەستەی نمایشكارێكی جل و بەرگ بكات بە تووتی. ئەم هونەرمەندە جەستەی نمایشكارەكەی كردووەتە تابلۆیەك لە شێوەی تووتی. پاشان لە شوێنێكی تایبەتدا وێنەی تووتییە نمایشكارەكەی گرتووە، كە قاچی چەپی نمایشكارەكە لە جێگەی كلكی تووتییە، هەروەها دەست و قاچی راستی لە شوێنی باڵەكان، دەستی چەپیشی كە چەماوەتەوە تا ملی، ئەوەش سەری تووتییەكە نیشان دەدات.





## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەم مانگە خۆشترین مانگی ئەم ساڵتە، چونکە ئاستی پاشەڕۆژی کارت بەرەو باشتر دەچێت، هەروەها لەبواری ئەڤینداریییەوە پەیوەندیت لەگەڵ دۆستەکەت لەباشترین ئاست دایە.



## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بەهۆی بڕوا بەخۆبوونت، هەنگاوەکانت بەرەو سەرکەوتن دەڕۆن، بەڵام پێویستە کەمێك چاوکراوە بیت و ئاگاداری ڕووداوەکانی دەوروبەرت بیت، نێوانی تۆو شادی چەند هەنگاوێکی کەمی ماوە.



## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠

لەوانەیە پەیوەندی بەکەسێك بکەیتەوە، کە ماوەیەکە لێت دابڕاوە کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی باوەڕت بەدوارۆژت پتەوتر بێت، کەمتەرخەم مەبە بەرانبەر خۆشەویستت، چونکە سۆزی زۆرت پێ دەبەخشێت



## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لەبواری کاردا باش و بەسوودیشە پاشەڕۆژی خۆت دابین بکەیت، بەڵام نەکەی ئێستات لەبیر بکەی با ژیانیش تۆ لەبیر نەکات، لەبواری سۆزدارییەوە ئەوەی لەناو دڵت نوسراوە لەخۆشی و شادیت بەدی دەکرێ.



## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لەپەیوەندیە گشتیەکانت، توانات بۆ دەوروبــەرت روون دەبێتەوە، چاوپێکەوتنێك ئومێدت بۆ دەگەڕێنێتەوە و یارمەتیدەرت دەبێ بۆ بڕیاردانت لەپڕۆژەیەکی بایەخدار.



## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

بۆچی پەیوەندیەکانت بەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵدەبژێری؟ وادەزانی هەرشتێك ببریسکێتەوە زێڕە! جوان سەرنج بدەو بیربکەوە لەراستی تێدەگەیت و دەزانی کە تۆ سەرچیخ ڕۆیشتوویت.



## تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەو بڕیارەی داوتە پەشیمان مەبەوەو خۆڕاگر بە، لەبواری سۆزدارییەوە ئەو خۆشەویستییە مەزنەی کە چاوەڕێی دەکەی کەمێك دوا دەکەوێ بەڵام ئومێد بڕ مەبە.



## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەم رۆژانە بیری رابردووت دەکەیتەوە، بەهۆی ئەوەش دەست دەکەیت بە گۆڕانکاری لە هەڵوێستەکانت کە لەوانەیە ئاوات و ئامانجی ژیانیشت بگرێتەوە.



## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ماوەیەکی باشەو هەست بەخۆشی و گەشبینی دەکەیت، لەلایەنی کارەوە هەست بەئاسوودەیی دەکەیت و بەتایبەتی دوای ئەوەی باری سۆزداریت گەڕایەوە دۆخی پێشوو.



## گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

برادەری خراپ وەك خەڵوز وایە نەشت سوتێنی رەشت دەکات، بۆیە لەهۆکارەکانی ناوزڕاندنی خۆت مەپرسە، بەڵکو بەزووترین کات خۆت لەهاوڕێ خراپەکانت بەدوور بگرە، لایەنی سۆزداریشت بەرەوپێش دەچێت.



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەبواری کارەکەتدا ماوەیەکی گران و بەزەحمەتت لەپێشە و چەند بەرپرسیاریەتێکی نوێت پێ دەسپێرن، ئەمەش کەمێك خەمت زیاد دەکات، بەڵام دوو دڵ مەبە چونکە تۆ کەسێکی بەتوانای و سەردەکەویت.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

زمان بەڵای سەرە، ئاگاداری زمانت بە ئەگینا تووشی گرفتێك دەبیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت پێویستە کەمێك نەرم و نیان بیت لەگەڵی، چونکە زۆر پێویستی بەتۆیە.



## تابلۆی رەنگاڵەی ئافرەت

شـــاکارێکی کچە قوتابییەکی کوردە، کە ناوی (ســـارە حوسێن)ە، قوتابی قۆناغی پێنجەمی بەشی شێوەکارییە لە پەیمانگای هونـــەرە جوانەکانی هەولێر، باس لە نەهامەتی و مافـــی ئافـــرەت دەکات، تیایدا ئافرەتێـــك بە خەمباری دانیشتووە و سێبەرەکەشـــی پیاوێکە لە پشتی ئافرەتەکەوە، وەك پاڵپشتێك بۆی، تابلۆیەکە لە چەندین رەنگی جۆراوجۆر پێکهاتووە مانایەکی پڕ بایەخیشی هەیە.



## وێنە و بیر کردنەوە

لـــەم وێنەیەدا، بێچووە پڵنگێـــك هەیە، هەوڵبدە زۆر زیرەکانە بیدۆزیتەوە.

## نوكته


- جارێكیان ئۆتۆمبیلێكی جۆری هەمەری زەرد لە یەكێك دەدات، كەسەكە لە هۆش خۆی دەچێ و كاتێك لە نەخۆشخانە بە ئاگا دێتـــەوە، پێیدەڵێن چی لێی دایت، ئەویـــش بۆ یەكەم جاری بـــوو ئـــەو ئۆتۆمبیلە ببینێ، گوتی: هـــەر ئەوەندەم زانی مۆلیدەیەكی كارەبای زەرد خۆی پێدادام !



# سێ منداڵە سەیرەكە!

ڕۆژ و مانگ و ســاڵی لە دایك بوونی هەر كەســێك جیاوازە، هەندێكیشـــمان وەكو یەكن، تەنانەت لە ڕۆژ و مانگ و ســاڵدا لــە دایك بووین، ئــەوەش كەم جار ڕێكدەكەوێ كە دوو كەس هەمان ڕێكەوتی لە دایك بوونیان هەبێ، بەڵام ئەگەر ســەیری ئەو حاڵەتە سەیرە بكەن، ناچێتە ئەقڵتانەوە، كە چۆن (٣) منداڵی یەك دایك، هەمان مێژووی لە دایك بوونیان هەیە تەنیا ساڵەكانیان جیاوازە. (باربارا ســۆێپر) ئەو دایكەیە لە ویلایەتی میشــیگنی ئەمریكی دەژی، (٣) منداڵی هەیە هەر یەكە لەم ڕێكەوتانەیە، منداڵە گەورەكەی(٢٠٠٨/٨/٨)، منداڵی دووەمیشی (٢٠٠٩/٩/٩)، دوایین منداڵیشی لە (٢٠١٠/١٠/١٠) بووە، حاڵەتی منداڵ بوونەكەشی بە سروشتی بووە نەوەك بڵێن بە نەشتەرگەری وای كردووە.





## وتــەی نــاوداران

**- سۆفۆكلیس دەربارەی سامان و پارە و ڕەوشت دەڵێ:**

هیچ هێزێك ئەوەندەی سامان و پارە ڕەوشتی مرۆڤ شڕ ناكات!

## زاخـــاوی مێشك



بۆ زانینی ئاستی زیرەكیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیكارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بكەرەوە كە لە كۆتایی ناوێكت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەكدا ناوەكە بدۆزیتەوە، بەسوود وەرگرتن لەم ئاسانكاریانەی خوارەوە:

**ئاسانكاری**

- پیتی خانەكانی (١+٢+٣) كۆ بكەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی ڕۆژ)
- پیتی خانەكانی (٣+٤+٥) كۆ بكەیتەوە بە مانای (كوێ بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەكانی (٤+٢+٥) كۆبكەیتەوە بە مانای (دراوی وڵاتی ژاپۆن)
- پیتی خانەكانی (١+٤)كۆ بكەیتەوە بە مانای (رطوبە) بە كوردی.

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (شەماڵ) بوو




ئەگــەر لە دوورەوە ئەو شــتەتان بینی، مەڵێــن ئەوە تۆپەڵە خوورییە و لێ نزیك ببنەوە، چونكە ئەگەر لێ نزیك بیتەوە ڕەنگە گازێكــت لێ بدات دوو ڕۆژ لە هۆش خۆت بچی، ئەوە تۆپەڵە خووری نییە، بەڵكو جۆرە سەگێكی دەگمەنە و كە پێیدەگوترێ (كۆمۆندۆزا)، قەبارەیەكی گەورە و شێوەیەكی پڕ تووكی هەیە، تەنیا لە وڵاتی هەنگاریا ئەو جۆرە سەگە هەیە.

## وتـــە

هەر كەسێك بە توڕەیی هەستێ یان هەســتێتەوە، بە پەشــیمانی دادەنیشێتەوە.

زۆربەی مرۆڤ وەك مانگ وایە، ڕوویێكــی ڕووناك و ڕوویێكی تاریكی هەیە.

هەمیشــە بۆ هەڵاتن لە دەست «مرۆڤێك» پەنامان بۆ مرۆڤێكی دیكە بردووە، ڕاهاتن بە مرۆڤەكان، خراپترین جۆری ڕاهاتنە !